# کۆماری مەرگی ئیسلامی ئیران

تەها ئەمین هەڵەدنی

**25**ئۆکۆبەری**2004** دادگای ئێرانی ئیسلامی ژیلای **13** ساڵەی بە بەردەباران تا مەرگ سسزا دا. چونکەدووگیان بوە لە براکەی خۆی، لەبرای خۆی یا کەسێکی کە ڕەنگە جێگەی پرسیار بێ. ئەگەر واش بێ سسزاکەی بەپێی بڕیاری ئیسلامی بەردەبارانە تا مەرگ.هەرچەند ژیلا خۆی منداڵە و منداڵیشی بوە. ئەم بوارەیان هەڵدەگرێ کە نەک بابەتێکی کورت بەڵکوو ڕۆمانێکی لەسەر بنووسرێت. ئێستا لێرەدا مەبەست هۆکاری سسزادانە کەیە کە بەردەبارانە تا مەرگ.بۆ ژیلا بەردەباران بکرێت تا دەمرێت

بەپێی بڕیاری ئیسلامیەکان چونکە سێکسی کردوە، بۆ وەرگرتنی چێژ،واتە ژیلا جووتبوە لەگەڵ کەسێکدا کە خۆشی ویستوە. ڕەنگە بابەتەکەی ژیلا کەمێک ئاڵۆز بێ چونکە ئەو بەوە تاونبار کراوە کە لەگەڵ براکەیدا سێکسی کردوە.بەڵام **15** ئۆگۆستی **2004** هەر لەئێران عاتیفەی **16** بە بەردەباران سسزادرا پاشان سسزاکەیان گۆڕی بە لەسێدارەدان ئەوەبوو **15** ئۆگۆستی**2004** عاتیفە لەسێدارەدرا.

تاونەکەی ئەویش ئەوەبوو کە لەگەڵ کەسێکدا ڕاییبواردوە واتە سێکسی کردوە لەگەڵ کەسێکدا کە خۆشی ویستوە. لەهەمانکاتدا باس لە سسزای کوڕەکە نەکراوە، باس تەنها باسی عاتیفەیە ئافتۆن بلادتی**15**ئۆگۆستی **2004**.وەک ووتمان بۆیە ئەوانە سسزادران بە بەدەباران، چونکە خۆشەویستیان کردوبەڵام لەهەمانکاتدا لە مزگەوتەکانی ئێران سوریا وزۆر جێگەیتری جیهانی ئیسلامی ژن بۆی هەیە کە سێکس بدات بەکرێ،بە تایبەت لە مزگەوتە شیعەیەکاندا. ئیتر بۆ **2** کاتژمێر یا زیتر گرنگ نیە.

گرنگە کە شتێک پارە وەربگرێت،بەواتایە تر سێکس بفرۆشێ،بەم ڕەفتارەش ئەڵێن سیخە.

جیاوازی ئەو سێکسەی کە لە مزگەوتەکاندا دەفرۆشرێت، لەگەڵ ئەو سێکسەی کە بە ئارەزووەو بۆ چێژی ژیانە،لە ڕاونگەی ئیسلامی شیعەوە یەکەم شەرعیەو دوەم سسزای مەرگە. یەکەمیان لە ڕاونگەی شیعەوە یاساییەو دوەم نایاسایی!بەڵام لە ڕوانگەی ئیسلامی سنیەوە، هەردوکیان نایاساییین، هەردوکیان سسزای مەرگە.پرسیار لێرەدا ئایا شیعە پابەندنی قورئانە یا شیعە؟هەرچی مێژووی قورئان و ئیسلامی سنیە پارچە لاپەڕەیەک نادۆزینەوە کە یاسایی کردنی فرۆشتنی سێکس بدا. بەڵکوو سێکس لە کاتێکدا ئەنجام دەدرێت کە مەلایەک لە گەڵ ئایەکانی قورئاند پەیوەستیان بکا.بەڵام لە جیهانی شیعە، سێکس دەفرۆشرێت و پۆزشیشیان هەیە بۆ سێکس فرۆشتنەکە، بە بەڵگەی دەقی قورئانی.شیعەکان سورەی **24** نیسا دەکەنە بەڵگە، کە لەو سورەدا ئەڵێ:( **وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ النِّسَاء إِلاَّ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ كِتَابَ اللّهِ عَلَيْكُمْ وَأُحِلَّ لَكُم مَّا وَرَاء ذَلِكُمْ أَن تَبْتَغُواْ بِأَمْوَالِكُم مُّحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَافِحِينَ فَمَا اسْتَمْتَعْتُم بِهِ مِنْهُنَّ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ فَرِيضَةً وَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا تَرَاضَيْتُم بِهِ مِن بَعْدِ الْفَرِيضَةِ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا** )، واتە: پاش ئەوەی کە چێژتان(واتە سێکستان لەگەڵ ئافرەتدا ئەنجامدا) لێوەرگرتن کرێکەیان بدەنێ.چیرۆکیش لەم بارەوە زۆرە کە ناونراون (حدیس شەریف) واتە ووتەکانی خودی محەمەد. گوایە ئافرەتێک چۆتە لای محەمەد تا سسزای خۆی وەربگرێت.

ئافرەتەکە بۆ محەمەد دەگێڕێتەوە،کە برسی بوەو چۆتە لای شوانێک کە شتێکی بداتێ کە بیخوا. شوانەکە مەرجی سێکسی لەگەڵدا کردوە کە نانی بداتێ. ئافرەتەکە ئەڵێ برسیم بوو ناچار بووم.

کە سێکس بفرۆشم بە ژەمێ نان خواردن لای ئەو شوانە.محەمەدی ئیسلام بە ئافرەتەکە ئەڵێ: بڕۆ تۆ سسزا نادرێیت، تۆ فرۆشتووتە، بۆ خۆش خۆت نەبوە کە سێکست کردوە.

ئەم چیرۆکە جێگەی باوەڕی زۆربەی ئیسلامەکانە، بەڵام سنیەکان بە توندی بەرپەرچی دەوەستن.

ئەگەر چی ووتەکانی محەمەد زۆرن، ئەگەر بێتوو ووتەکان هەموو کۆبکرێتەو لەگەڵ تەمەنی پێغەمبەرایەتی ئەودا بەرانبەری بکەین دەبینن کە محەمەد **43**ساڵ پێغەمبەر بوە نەک **23** ساڵ.

بەکورتی شیعەکان باشتر پەیڕەوی قورئان دەکەن، کە لەش فرۆشیان تابوو نەکردوە، چونکە شیعەکان پیڕەوی دەقی قورئانی وسورەی نیسای **24** دەکەن.

هۆکاریش ئاشکارو ڕوونە، وەک هەمووومان دەزانین سەرەتا ئیسلام تەنها یەک ڕێباز بوە، بەڵام پاش مەرگی محەمەد، دەتوانین بڵێین هەر پاش مەگی محەمەد لە یەک ڕێبازیەوە بوو بە سێچوار ڕێباز.

ئەویش لەسەر خواستوو ئارەزووی جێنیشینەکانی محەمەد، پاش ئەوەی کە ئیسلام تەشەنەی کردوو و ڕوویکردە ناوچە جیاجیاکانی جیهان. گەلانی ناوچە جیاوازەکانی جیهان بەپێی کلتووروو دابوو نەریتی خۆیان ئیسلامیان گونجان لەناو خۆیاندا.

کازاخی پێکی ڤۆدگا لە یەک دەدەن و ئەڵێن بڵێ بیسمیلا!

بەلام لەگەڵ ئەوانەشدا کلتووری عەرەبی بیابانیشان سەپاندوە، بەسەر نەتەوەجیاجیاکاندا، بۆ نمونە سەرپۆش یا حجاب زۆربەی گەلانی ناوچە ئیسلامیەکان حجاب دەپۆشن، کەچی حجاب و سەرپۆش ئیسلامی نیە.

حجاب پێش ئەوەی ئیسلامی بێ عەرەبیە، پێش ئەوەی عەرەبیش بێ سروشتەیە، تا خۆی بپارێزێ پێ بپارێزێ لە تەپووتپز و لمی بیابان. مرۆڤ ناتوانی لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا جامانە بکاتە سەر،چونکە گەرما لەوێ سەر دەپلیشێنێتەوە. هەروەها بە چلەی زیستانیش عەگاڵ ناکرێتە سەر لەسەری شنروێ یا کرن، چونکە سروشت ڕێگە نادا.

دەبینین کە وشتر پێی پانەو نەرمیشە، بەڵام بزن سمەکانی تیژن تا بتوانی لەسەر تیلماسکە بەردێکیش خۆی ڕابگرێ، بۆیە ووشتر لە زستاندا ناتوانێ شەوێک لەسەری قەندیل خۆی بگرێت.